FILE
فایل File

با. ئاگری

عەرزی عەزەڵات!

-تێمەی ڕۆژهەڵاتی غروری‌و خۆ بەزل زانین لە خۆیماندا قوڵب دەدات هەمیشە بە دوای ئەوەدا دەگەڕێین کە عەرزی عەزەڵات بکەین وا خۆمان نمایش بکەین کە حزبی سەرەکین، خەڵك هەموو لەگەڵمانە، ئەوەشی لەگەڵمان نەبێت دەبێ لێمان بترسێ.

-کاروانی ریزبەستوی مەنسولان لە شەقامەکانی ناوشار کە سەروبنی کۆتایی نایە ئەوە عەرزی عەزەڵاتە، خۆشیشتان بێ‌و ترشیشتان بێ ئەو کاروانە درێژەی هەیە.

-کڕینی ویژدان‌و خەڵك‌و عەشیرەت‌و سەرەك جاشی کۆن‌و کەونە بەعسی بۆ ئەوەیە لە هەڵبژاردن عەرزی عەزەڵات بکەین.

-شەڕی حزبایەتی ئیعلان نەکراوی ناو کەرکوك لە نێوان میراتگرانیدا بۆ زیادکردنی نفوس عەرزی عەزەڵاتە کەرکوك قودسە، کەرکوك دڵە، بەڵام کوردستانی نییە!

-لەگەڵ لیستی هاوبەشی کوردستانیم‌و لەگەڵ مەبدەئی (توافق)م بەڵام دەبێ ژمارەی کورسیەکانی من زیاتربێ قوڵیشم نییە بدۆڕێم، با عەرزی عەزەڵات نەکەم.

-لە هەڵبژاردنی مافپەروەراندا لە هەوڵێر عەرزی عەزەڵات کرا. لیست تەقدیم کرا بێ ئەوەی منافس هەبێ بە قودرەتی قادر لیستێك هەڵبژێردراو بوو بە هەراو زەنای سەرکەوتن‌و کێشەی کورد حەل کرا!

-مۆدێل بەرزە علوجەکان ئاهانیان نییە وەك تەیارە عەرزی عەزەڵات دەکەن بێ ترس سەرپێچی یاسا دەکەن گۆڵیی سوریش بێ، تێ دەتەقێنن.

-پورە خەجێش کە دێتە نانەواخانە دەیکا بە هات‌و هاوار، عەرزی عەزەڵات دەکا، سەرەبڕی لە خەڵك دەکا بە عەنتەری نانەکەی وەردەگرێ‌و کەسیش ناوێرێ ورتە بکات..

پرسی کورد لە هەڵبژاردنی عێراقدا؟

ن: تەها سلێمان

بەڕووخانی دەسەڵاتی توتالیتارییانەی (بەعس)، کۆتایی بە حوکمڕانێتی خوێن ڕێژترین ڕژێم هات کە بۆ خۆی سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ کۆی گەلانی عێراق‌و دواتریش ناوچە، ڕووخانی ڕژێمی (بەعس) پلەیەك بوو لە پلەکانی تێکۆشان‌و بەدوایدا پلە گەلێکی تر دێت کە گفتوگۆو کارکردنی جددی دەوێ، بەمانایەکی ترو تێگەیشتنێکی وردتر ئەرکەکانی دوای ڕووخانی ڕژێم قورستر گرنگترن، چونکە ڕژێمی بەعس ڕووخا عێراقی بەهەموو مانایەکی تێکشکان‌و داهێنراو بەجێ هێڵا، کە ئەمەش بێگومان بیناکردنەوەو دروست کردنەوەی ماندووبوون‌و خولقێی چڕو درێژی دەوێت، ئێستاو حاڵی حازر لە پرسێکی گرنگداین ئەویش پرسی هەڵبژاردنە لە عێراقدا. لە چوارچێوەی پرسی هەڵبژاردن لە عێراقدا پرسی کورد یەکێکە لەم مەسەلە گرنگ‌و هەستیارەکان، بۆیە کۆی ئەو پرسیارانەی کە لەم نێوانەدا ڕووبەڕوومان دەبنەوە پێویستە وەڵام بدرێنەوە، بەوەڵام ئەدانەوەشیان نەك هەڵە دەکەین بەڵکو فرسەتێکی مێژوویی گەورە لەدەست دەدەین‌و بە لەدەست دانی ئەو فرسەتە مێژوویە چارەنووسی نیشتمانی‌و نەتەوەییمان دەکەوێتە بەردەم هەرەشەو مەترسی یەکی گەورەو گەڕانەوە بۆ قەڵەکی فیکرو سیاسەت‌و پرۆژەی چەندین ساڵەی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بە (بەعس)یشەوە، کامانەن ئەو پرسیارانەی لەبەردەم پرسی کوردان لەچوارچێوەی پرۆسەی هەڵبژاردنی عێراقدا؟ لە وەڵامدا دەتوانین بێژین: پرۆژەی کورد لە پێشوازی هەڵبژاردنی عێراقدا چییە؟ ئایا کورد بەرنامە ڕێژی هەیە بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی عێراق یان بە پێچەوانەوە؟ ئایا لەم گەمەیدا کورد ژیرانەو بە بوعدێکی پڕ لە دیقەت‌و کارایانە دەجوڵێتەوە یاخود دەکەوێتەوە پەراوێزی گەمەکەوە؟ من وای دەبینم‌و هەرواشە کورد بزاڤە سیاسییەکەی ئەزموونگەلێکی تاڵ‌و ناڕەحەتیان لەگەڵ ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق‌و بەشێکی زۆری ڕژێمە هەرێمایەتی‌و نێو دەوڵەتییەکاندا هەیە، بۆ پێشوازی لە هەڵبژاردنی عێراق‌و بەشداری جیددی تیایداو دابین کردنی شوێنگەی پێویست بۆ پرسی کورد تیایدا، دەبێ ئەو ئەزموونگەلە بکەینە سەرەتای چوونە ژوورەوەمان بۆ نێو ئەم جەنگە، کە جیاوازە لە جەنگەکانی پێشووترمان‌و بەدرێژایی مێژووی دەسەڵاتەکانی عێراق دەبێتە ئەزموونێکی دەگمەن، ئەزموونی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق‌و پرسی کورد تیایدا جەنگێکی گەورەیە بە ئاراستەی سەماندنی کەینونەی کوردبوون‌و نیشتمان‌و قوتاربوون لە هاوڵاتی پلە دووەو بۆ هاوڵاتی یەکسان لە بەرامبەر عەرەب بوون لە عێراقدا و تێك شکاندنی پرۆژەی شۆڤینیزمی عەرەبی، کە چەندین ساڵە بە شێوازی جیا جیا کنەی سەپاندنی هەژموونی خۆی دەکاو تارادەیەك ڕەگ‌و ریشەی خۆی لە نێو هەناوی کۆمەڵگای عێراقی (عەرەبی) بە دیدی خۆیان داکوتاوە. ئەگەر ڕووخانی (بەعس) هەنگاوێکی جددی‌و پۆزەتیڤ بوبێ لە کەمکردنەوەی قەڵەمڕەوی شۆڤینیزمی عەرەبی، ئەوا دوای ڕووخان وەك لەسەرەوە وتمان ئەرکی گرنگ‌و قورسترمان دەکەوێتە ئەستۆ. بیرکردنەوە بەو ئاراستەیەی کە (بەعس) ڕووخاو هەموو مەسەلەکان بە (تەدریج) کۆتاییان پێ دێ‌و کۆمەڵگای عێراق دەبێتە کۆمەڵگایەکی دیموکراسی‌و هەموو مافەکانی لە بچووکەوە بۆ گەورە بەرجەستە دەبن‌و هەڵبژاردنیش دەروازەی بەرجەستەبوونی ئەو مافانەیە، بیرکردنەوەیەکی هەڵەو نیگەتیڤە، بەڵکو ساغڵەم ترین‌و تەندروست ترین پرۆژەی بیرکردنەوەو کارکردن ئەوەیە بڕوا بەوە بکەین لەگەڵ ڕووخانی بەعسداو ئامادەبوونی جۆرێك لە ئازادی جوولانەوەو کارکردن، پانتایی جوولەو کارکردن‌و تەوزیف کردنی بەری شۆڤینیزمی عەرەبی فراوانتر کاراتر، بە پشتیوانی جۆرەها دام‌و دەزگا چەندین دەوڵەتی عەرەبی دەبێ، ئەگەر ڕوونتر قسە بکەین دەبێ بێژین (بەعس) پێش ڕووخانی هەموو هەوڵ‌و بزاوتنەکانی شۆڤینیزمی عەرەبی لە عێراقدا لەژێر سێبەری هەژموونی فیکری‌و سیاسی‌و دەسەڵاتی خۆیدا کۆکردبووەوەو قەتیس کردبو، بەڵام بەڕووخانی (بەعس) جووڵەو ڕەوەندی تر هاتۆتەکایەوە کە هەریەکەیان بە ئاراستەی بەرژەوەندی لایەنێك‌و سەرەنجام خزمەتکردنی بەرژەوەندی بالادەستی شۆڤینیزمی عەرەبی کاردەکەن، ئەمەش ڕاستییەکەمان لە جاری زیاتر بۆ ساغ دەکاتەوەو دەسەلمێنێ ئەویش ئەوەیە کۆی شۆڤینزمی عەرەبی کۆکن لەسەر ئەوەی لە عێراقدا مافی کوردبوون‌و نیشتمان‌و زمان‌و کولتوورو جوگرافیاکەیان نەسەلمێنن، جا ئەگەر بەعس بە درێژایی دەسەڵاتدارێتی بە پرۆژەی تایبەتی خۆی ئەو بیرۆکەیەی بە جۆرەها شێوە خستبێتە بواری بەرجەستە کردنەوەو کاری بۆ کردبێ‌و لەبەرامبەریش کوردو بزاڤە سیاسییەکەی زۆرتر لە هەموو شتێ تێکۆشانی چەکداریان کردبێتە وەڵامدانەوەی، ئەوا ئەمڕۆ ئەو هاوکێشەیە گۆڕاوە‌و کورد بە تێکڕای تاکەکانیەوە، سەرووی ئەمەش بزاڤە سیاسییەکەی پێویستی بە تێکۆشانی سەختی سەردەمەو دەبێ پرۆژەیەکی جددی و بابەتی هەبێ، وەك وتمان تەنها بەشداری کردن تەواوکەری سەماندنی پرسو مافەکانی کورد نییە، بەڵکو بەشداری کردنی بێ پرۆژەو بێبەرنامە ڕاستەوخۆ بەشداری کردنە لە شەرعیەت دان بە نەسەلماندنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد. ئەگەر نموونەیەکی بابەتی بێنینەوە بەڕچاوی خۆمان وەك ئێستا شۆڤینیزمی عەرەبی بەکۆی هێزە جیا جیاکانیانەوە گەرەو لەسەر ئەوە دەکەن، کە کورد لە ڕێژەی دەنگدا بەرامبەر عەرەب لە عێراقدا کەمینەیە، تەنانەت ئەگەر هەڵبژاردنیش بکرێ ئەوا ئەوان دەتوانن شکست بە پرۆژەی کوردی بێنن‌و بەناوی شەرعیەتی هەڵبژاردنەوە سیاسەت‌و پرۆژەکانی شۆڤینیزمی عەرەبی بەرجەستە بکەن‌و بچەسپێنن، ئەم جەنگە مەترسی دارەی کە شۆڤینیزمی عەرەبی دەیەوێت ئاستوی سەرکەوتنەکانی خۆی‌و لەبەرگ‌و شێوازی جیاجیادا کارو جووڵەی بۆ دەکا، دەبێ لانی کەم کوردو سەرکردایەتی بزاڤە سیاسییەکەی لەو ئاستەو وریا کاتەوە کە بتوانێ وەڵامی پێ بێ‌و وەڵامی بداتەوە، بۆیە دەبێ لێرەدا پرۆژەی کورد پێش هەموو شتێ پرۆژەیەکی بابەتیانەو دوور بێت لە هەڵپەی بێ سەرو بەرو بێبنەما، بەواتا دەبێ پرۆژەی کورد پرۆژەیەك بێت لە سەر دۆخی واقیعی عێراق‌و کوردستان گەڵاڵە کرابێ، نەك پشت بەستن بە کۆمەڵێ فاکتەری جیاجیا کە لە بنەڕەتدا دۆستی پرسی کوردی نەبن لە هاوکێشەکە، من بروام وایە دەبێ پرۆژەیەکی (کوردستانی-عێراقی) بێت‌و کۆی هێزە دیموکراسییخوازو علمانی‌و چەپ‌و پێشکەوتنخوازەکان بگرێتە خۆ، کە بروام وایە زۆرێك لەو هێزانەی ناوم هێنان بە گوتارو کردار سەماندوویانە نەك لەبەر خاتری بزاڤی سیاسی کورد، بەڵکو وەك لۆژیك‌و واقیع مافی کوردبوون‌و نیشتمان‌و زمان‌و کولتوورو هتد. مان دەسەلمێنن، بە کورتی من وای دەبینم ئەگەر کورد بەم ئاراستەیە کار نەکاو نەچێتە ناو هەڵبژاردنەو، ناتوانێ کەینوونەی کوردبوون بسەلمێنێ‌و مافە بنەڕەتییەکانی لە دەستووری هەمیشەیی‌و داهاتووی عێراقدا بچەسپێنێ، کە گرنگ ترین بابەت بۆ پرسی کورد لە ئایندەی عێراقدا ئەو دەستوورەیە کە پەرلەمانی هەڵبژێردراوی دوای ئەو هەڵبژاردنە بڕیاری لەسەر دەدا.

کورد، گەلێ کارتی بەدەستەوەیە بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان!!

هشام ئاکرەیی

زۆرجار کە داوای هەڵوێست دەکرێت بەرامبەر پێشێلکارییەکان و هەڕەشەکانی دژبەرانی کورد و ئامادەنەبوونیان بۆ (ئیعتراف)کردن و دانپیانان بە مافەکانی گەلی کوردستان، ڕاستەوخۆ بیر لە شەڕی چەکداری دەکرێت و زۆرکەس دەڵێن باش نییە کورد لەم بارودۆخەدا شەڕبکات و ئەمریکییەکان لە خۆیان زویر و تووڕەبکەین.

بە دیتنی بەندە، بەهیچ شێوەیەك هەڵوێست وەرگرتن و دەستبەکاربوون ڕاتای پێویستی شەڕی چەکداری نییە. شەڕی چەکداری کۆتایی هێنانە بە دیالۆگی هێمنانە و دانووساندن. هەڵوێست وەرگرتن ئەو کاتە ڕاتای شەڕ دەبێت کە هیچ ڕێگایەکی تری ئاشتیانە نەمابێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و لایەنی کوردی هەموو کارتەکانی فشاری خۆیان بەکار هێنابێ.

دەسەڵاتدارانی کورد و گەلی کوردستان ئەوەندە کارتیان بەدەستەوەیە بەڵام تاوەکو ئێستا وەك (وەرەقە) و کاغەزی فشار بەرامبەر لایەنی دژی مافەکانی گەلی کوردستان بەکارنەهێنراون. هەندێ لەو کارتانە لەم کاتەدا ڕۆڵی (جوورکەر) دەگێڕن بەڵام وەك دووشەشێکی مەردوو و (جوورکەر)یکی سووتاو خەریکە کورد فرێدەدەن. هەڵبەتە ئەگەر پێشوەخت ئەمریکا و حکومەتی عێراق و پارتە عەرەبییەکان (ئیعراف)یان بە مافەکانی گەلی کوردستان کردبا، ئەو کاتە پێویست نەدەکرا کورد ئەو کارتانە بەکاربێنن. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو لایەنانە ئامادەنین دان بە مافەکانی گەلی کورددا بنێن، بۆیە لایەنی کوردی ناچارە و دەبێ ئەو کارتانە بەکاربێنێت. نەك تەنیا لەپێناو وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان بەڵکو لە پێناو ڕێگاگرتن لە شەڕێکی تری چەکداری مالوێرانکەر. کەواتە ئەگەر لایەنی کوردی ئاشتیخوازیێت دەبێ دەست بە هەڵوێستی سیاسی بکات و هەموو لایەنەکان تێبگەیەنێت کەوا کورد کارتی بەدەستەوەیە.

سیاسەتی یان شەڕ یان برایەتی، یان دۆست یان دوژمن، سیاسەتێکی هەڵەیە و مەرجەکانی سیاسەتی سەردەم بەدیناهێنێت. تاوەکو ئێستا کورد زیاتر یان شەڕی کردووە و پەنای بۆ هێزی چەکداری بردووە یانیش دۆستایەتییەکی بێتامیان کردووە کە زیاتر خۆهەڵخەڵەتاندن بووە نەك خوێندنەوەیەکی واقیعانەی بارودۆخ لە سەر بنەمای ناسینی لایەنی بەرامبەر.

وەك هەموومان دەزانین کورد خۆی کردووە بە بەشێك لە شەڕی تیرۆری جیهانی نێوان ئەمریکا و ئیسلامیەکاندا. ئەم هاوپەیمانەتیە دەبێ دوولایەنی بێت و لە قازانجی ئەمریکا و کورددا بێت. بەڵام بەداخەوە هەموو زیان و زەرەرێکی شەڕی دژی تیرۆر بەکورد کەوتووە بەبێ ئەوەی هیچ قازانجێکیان وەرگرتبێت. ئەمریکا بەبێ هیچ بەرامبەرێك کورد و خاکی کوردستان بە کاردێنێت وئەو بەکارهێنانە بۆتە جێگای نارازیبوون و تۆڕەیی ئیسلامییەکان و مامەڵەی ئەمریکا و ئەمریکییەکان لەگەڵ کورد و کوردستان دەکەن.

تیرۆریستان و ئیسلامییەکانی تونەدڕێ گرنگی کورد و کوردستان بۆ سەرکەوتنی شەڕی ئەمریکای دژی تیرۆر دەزانن و لەسەر ئەو بنەمایە دژایەتی کورد و کوردستان دەکەن. بەڵام تیرۆریستان دژایەتی ئەمریکییەکان ناکەن لەبەر کورد. کەواتە کورد قوربانی شەڕی دژە تیرۆری ئەمریکان. ئەمریکا ناچارە شەڕی تیرۆر بکات بەڵام لەوانەیە کورد لەم کاتەدا پێویستی بەو شەڕەی نەبێت.

دەرکەوتنی کورد لە بەرەی دژی تیرۆردا، ئەو شەڕە لەنگەر و شمل دەکات و سەرکەوتنی ئەمریکا بەتایبەت لە عێراقدا دەخاتە مەترسییەوە. هەروەها لایەنە ئیسلامییەکان بەشێوەیەك بەهێزدەکات کە حکومەتی عێراق و هێزەکانی تر ناتوانن بەڕێوەی بەرن و چارەنووسی عێراق دەکەوێتە مەترسییەوە و ئەو هەموو دۆلاڕانەی کە لەو شەڕە سەرفکراون بەخۆڕایی دەڕۆن و عێراق دەکەوێتە دەستی ئیسلامیەکانەوە. ئەو کاتە ئەمریکا ناچارە بەلەشکری خۆی پشتگیری کورد بکات بۆ ئەوەی کوردستانیش نەکەوێتە ژێردەستی ئیسلامیەکانەوە. کەوتنی عێراق بە کوردستانیشەوە بەدەستی ئیسلامییەکانەوە واتای نەمانی ئیسرائیل و تێکچوونی هەموو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا.

دەرکەتنی کورد لە بەرەی دژی تیرۆر واتای ئەوە نییە ببێتە دژی ئەمریکا. شیعەکانی عێراق لەبەرەی دژی تیرۆردا نین و پەیوەندی باشیان لە گەڵ ئەمریکایان هەیە و ئەمریکا زیاتر لە کورد خەریکە مافەکانیان جێبەجێدەکات. کەواتە ئەمریکا جیاوازی دادەنێت لە نێوان تیرۆریستان لە لایەك و ئەوانەی نایانەوێت لەو شەڕەدا بەشداربن. کورد بە ئاسانی دەتوانن بڵێن ئێمە ئەو شەڕە ناکەین چونکە ئێوە پشتگیری تەواومان ناکەن. موقتەدای کوڕی سەدر لەدوای کوشتنی سەدان کەس نرخێك و قیمەتێکی زیاتریان پێدرا و هێشتا سوورە لە سەر پشتگیری فەلوجییەکان و هێشتا لەبەرەی تیرۆدایە. موقتەدای کوری سەدر کارتێکی شیعەکانی عێراقە و لەکاتی پێویستدا بێترسانە بەکاردێنن.

فەرەنسا و ئیسپانیا و زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا لە بەرەی دژی تیرۆردا نین تەنانەت تورکیا هەوڵ دەدات نەبێت بە بەشێك لە بەرەی دژی تیرۆر بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی تورکیا و تیرۆریستان ڕازی بکات. ئەوە ئەمریکا نییە نایەڵێت تورکیا لە عێراقدا بەشداربێت، ئەوە پارتی ئیسلامی دەسەڵاتدارە نایەوێت بەشداربێت. هەروەها ئەمریکا لەبەر خاتری کورد هاوپەیمانێتی کورد، کوردستان ناپارێزێت بەڵکو ئەمریکا بەهەمان شێوەی کوردستان بەسەر و شارەکانی تری عێراق دەپارێزێت. ئەگەر کورد لەترسی تورکیادا ناتوانن کارتەکانی خۆیان بەکاربێنن، ئەوە بە ئاسانی دەتوانن بڵێن کەوا ئەمریکا و حکومەتی عێراق ناچارن عێراق بپارێزن. ئەگەر کورد بە فێدراڵی ڕازین ئەوە تورکیا دەیەوێت هەموو ویلایەتی موسڵ بەشاری کەرکوکیشەوە داگیربکات و ئەگەر عەربەکان بتوانن شەڕ لەگەڵ کورد بکەن ئەوە ئەوان ناتوانن شەڕ لەگەڵ تورکیا بکەن.

دروستبوونی کوردستانێکی فێدراڵ بە کەرکوکیشەوە باشترە بۆ عەربەکانی عێراق لە هاتنی لەشکری تورکیا. باشووری کوردستانێکی داگیرکراو لەلایەن تورکیاوە باشترە لە فێدراڵیەتێکی بێ کەرکوك و ناوەڕۆك. کوردستانێکی یەکگرتوو و داگیرکراو باشترە لە کوردستانێکی فێدراڵی لەتلەتکراو و بێ کەرکوك.

ئەم ئاستیە داگیرکەرانی کوردستان دەزانن و بۆیە کوردستانیان دابەشکردووە. هەر لەبەر هەمان هۆکار نابێ دەسەڵاتدارێتی کورد لە هەڕەشەکانی هاتنی تورکیا بترسێت و پێویستە بێترس خاوەن هەڵوێست بن و کارتەکانی خۆی بەکاربێنێت چونکە ئێستا کاتەکەیەتی.

دەرکەوتنی کورد لە بەرەی دژی تیرۆر ونزیکبوونەوەی لە هەڵوێستی ئەوروپا و شیعەکانی عێراق دەربارەی ئەو شەڕە، ئەمریکا و حکومەتی عێراق ناچار دەکات دان بەمافەکانی گەلی کورددا بنێت و باشووری کوردستان لە مەترسی ئەو تیرۆریستانە ڕزگار دەکات.

کەواتە کورد کۆمەڵێ کارتی بەدەستەوەیە لەوانە: بەشداربوون یان بەشدارنەبوون لە هەڵبژاردنەکاندا، گرێدارن یان نەگرێدانی هاوپەیمانی بۆ هەڵبژاردنەکاندا، دوورکەوتن لە بەرەی شیعەکان چونکە ئەوان دەبنە حکومڕان لەعێراق و دەبێ لاوازیکرێن تاوەکوو دان بەمافەکانی کورددا بنێن، گرێدانی هاوپەیمانی لە گەڵ سوننەکانی عێراق ئەگەر ئامادەبوون هاوکاری باشتر لە شیعەکان بکەن و ئەگەر پێویستکرا دەرکەوتن لە بەرەی دژی تیرۆر.

پێویستە لایەنی کوردی بە ئاشکرا باس لەو کارتانە بکات و لە ڕاگەیاندنی خۆیاندا جەخت لەسەریان بکەن و ببێتە بەشێك لە شەڕی سیاسی کورد لەم قۆناغەدا.